# مەسعود بارزانی سەرۆکم نییە!

**جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

ڕۆژی یەك شەممە 2005/06/12 بە دوور لە بڕیارو هەڵبژاردنی خەڵکی کوردستانو لە لایەن پەرلەمانێکی بێ گیانو مردووەوە کە بەزۆر گیانیان بەبەردا کردۆتەوە مەسعود بارزانی کرا بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەر سەری خەڵکەوە.

بەڕاستی دانانی بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم چ خۆشی‌یەکی تیایە؟ ئایا ئیتر ژیانی خەڵك بەرەو باشی ئەچێ؟ ئایا ئیتر کرێکاران ناچار نابن تا ئێوارە کار بکەنو کەچی ئیمکانیەتیشیان نەبێو ژیانیان بەڕێوەنەچێ؟ ئایا ئیتر ژنان ناکوژرێنو بێڕێزی‌یان پێ ناکرێو حەساوەتر ئەبنو وەك پیاوان یەکسان ئەبن؟ ئایا ئیتر منالاّن وەك ئینسانی خاوەن ڕێزو ماف تەماشا ئەکرێن؟ ئایا ئەوانەی ساڵەهایە خزمەتی کۆمەڵگا ئەکەنو ئێستا خانەنشین کراون ئیتر هەناسەی ساردی بێ موچەییو نەهامەتی هەڵناکێشن؟ ئایا ئیتر پیرو پەککەوتەکان خانەی تایبەتیان بۆ ئەکرێتەوەو بە پێی ستانداردی جیهانیو پێشکەوتوو پێداویستی‌یەکانیان بۆ دابین ئەکرێ یان ئەبێ لەسەر شۆستەکانو لە ناوکارتۆنو مقەبادا شەو ڕۆژ بکەنەوە؟ ئایا خەڵکی قەراغ شارەکانو گەڕەکە هەژارەکان هەر چاویان لەوە نابێ پێیان بووترێ "خانووە بێتاپۆکان" وە لە خانو بەرەو پێداویستی‌یەکانی ژیانی هاوچەرخ بەهرەمەند ئەبن؟ ئایا سیستمی پەروەردەو خوێندن گۆڕانی بەسەر دێتو منالاّن بەزۆر فێری "الله ربی، محمد نبییو...." ناکرێن؟ ئایا لە قوتابخانەکاندا لە جیاتی ڕێزلێگرتنو فێرکردن دەستە ناسکەکانیان بە دار شین ناکرێتەوە؟ ئایا ئیتر هونەرمەندو نووسەران ناچار ناکرێن بەسەر "پارتی سەرۆك" دا هەڵدەنو گەر قەڵەمەکانیان نەخەنە پێناو خزمەتی حزبی دەسەلاّتدارو بەشانو باڵداهەڵدانی ئەوان، لە هەمو مافێك بێبەری ناکرێن؟ بێ خانوو ناکرێن؟ زیندانی ناکرێن یان لەباشترین حاڵەتدا ناچار ناکرێن شارو شوێنی نیشتەجێی خۆیان جێ بهێڵن؟ ئایا دین وەك هەمیشە بەلاّیەك نابێ بەسەر خەڵکەوەو کەسانی عەلمانیو ڕۆشنبیرانی بێ دین ناخرێنە ژێر فشاری دینو بیانووی پڕوپوچی ڕێزگرتن لە موقەدەساتی خەڵك؟ ئایا لەوە زیاتر دەستی ڕێز بە سنگیانەوە ناگرن بۆ تیرۆریستانی ئیسلامیو پارەو پولی لوشدراوی خەڵك ناکەن بەقوڕگیانداو دەرگای وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتی‌یەکان بەڕوویاندا ناخەنە سەرپشتو ڕێیان نادەن لە مزگەوتو تەلەفزیۆنەکانیانەوە فەتوای کوشتنی ژنانی مەدەنی پۆشو کۆمۆنیستو چەپ بدەن؟

مەسعود بارزانی ڕێ ئەدات خەڵك خۆیان دەستیان هەبێ لە حکومەت کردنو هەر کاتێ نەیانوویست ئەو کەسانەی سەرۆکایەتی ئەکەن لایانببەنو کەسانی تر لە جێی ئەواندا دابنێن؟ ئەهێڵن خەڵك لەگەڕەكو کارگەو دائیرەو دامەزراوەکاندا خۆیانو نوێنەرەکانیان ژیانیان بەڕێوەبەرن؟ یان وەك ئەم چەند ساڵەی پێشوو دەسەلاّت لەدەستی حزبەکەی خۆیاندا قۆرخ ئەکەنو ئەوەندەی تر دەست بەسەر داهاتی وولاّتو زەویو زاریدا ئەگرن؟ و هەر کەسێکیش وویستی بڵێ دەسەلاّتەکەتان بەکەڵك نایەتو

ئێوه هەڵەن، له زیندانی توند ئەکەنو به چاوی خۆی ژیان نابینێتەوه؟ ئایا میلیشاکانیانو پۆلیسو ئاسایشو دەزگاکانی پاراستنو جاسوسی‌یەکان هەڵئەوەشێننەوەو له جێیدا بیدەنه دەست خەڵك خۆیان پارێزگاری له ژیانو ئەمنیەتیان بکەن؟ ئایا مەحکەمه له دامو دەزگا حزبی‌یەکان جیا ئەکەنەوەو ڕێ ئەدەن سەربەخۆ بێ،و کەس بەبێ تاوان نەگیرێو تا تاوانبارکراو تاوانەکەی نەسەلمێنرێ به بێ‌تاوان تەماشای بکەن؟ ئایا و ئایا و ئایا.......؟

من وەڵامی یەك دانه لەو پرسیارانەم له مەسعود بارزانی ناوێتەوه. من دەمێکه حزبەکەی ئەوو بەرنامەکەیو کارنامەکەیو دەسەڵاتەکەیم هەڵسەنگاندووەو یەك زەڕڕه نزیکایەتی لەگەڵ وویستو ئارەزووەکانمو هی ملیۆنەهاش له خەڵکی کوردستاندا نی‌یه. ئەو ئەگەر بیتوانیایه ئەو کارانه بکات که باسم کردوون، ئەوا لەم 14 ساڵەی دەسەڵاتیدا ئەنجامی ئەدان. بەڵام هەرچی کردیان پێچەوانەی ئەمانه بوون. ئەوان به هەموو پێوانەیەك کۆمەڵگای کوردستانیان وێران کردو خەڵکیان بردەوه بۆ دواوه. لەبەرامبەر تاوانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو کوشتنی هەزاران لاوی کوردستاندا چێ ئەڵێن؟ دیسان ئەو قسه بێ بناغەیه ئەکاتەوه که لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆدا ئەوو جەلال تاڵەبانی بێتاوانترین کەس دەرئەچن؟ ئەی کێ بوو فەرمانی ئەدا به چەکدارەکانیان که بچنه سەر ئەوانی ترو یەکتری بکوژن؟ ڕەنگه دیسان ئەو قەوانەش لێبدەنەوه که هەموو "میللەتانی" دنیا به شەڕی ناوخۆدا تێپەڕیونو ئنجا گەیشتوون به دەسەڵات؟! مەعلومه دەسەڵات بۆ ئەوان یانی تێپەڕین بەسەر لاشەی هەزارەها له خەڵكو دواتریش وێڵکردنی خێزانەکانیان لەبازاڕه بێڕەحمەکانی کوردستاندا.

ئەوه زۆر گرنگ نی‌یه که ئێستا خەڵکانێك هاتوونەته سەرجادەکانو چەپڵەی خۆشی لێئەدەن. خۆ خەڵك ناچار ئەکران له "بەیعه" کەی صدام حسێنیشدا چەپڵه لێدەن! خۆ هیتلەریش به بیانوی ئەوەی که وولات ئەپارێزی لەبەرامبەر ڕوسیاو هاوپەیمانەکاندا، لاوانو زۆرترین دانیشتوانی کۆئەکردەوەو چەپڵەیان بۆ بیروڕا نازیستیو دژه ئینسانی‌یەکانی ئەو لێئەدا! ئایا مەسعود بارزانیو سەرانی حزبەکەی بیریان لەوه کردۆتەوه که خەڵك له ئاکامدا چی له دەسەڵاتەکەی ئەوان ئەکات؟ بیریان کردۆتەوه که چارەنوسی هیتلەر یان موسولینی یان پینۆشێ یان ئەبێ؟

دوا پرسیاریشم ئەوەیه ئەگەر ئێستاو هاوکات لەگەڵ خەڵکێکدا که هەلهەلەی خۆشی بۆ بوون به سەرۆکی بارزانی لێئەدەن، منو خەڵکی تر له کوردستان بچینه سەر جادەو هاوار بکەین "نه مەسعود بارزانیو نه جلال تاڵەبانیو نه سەرانی تری ناسیۆنالیستی سەرۆکمان نین" چیمان لێ ئەکەن؟ چۆن وەڵامی ئەو ناڕەزایەتی‌یەمان ئەدەنەوه؟

2006/06/15